# یەکەم نەعرەتەی راپەڕین
# بەکۆتاهتنی ژێردەستەیی

## سەلام عومەر

بەهاری سالی 1991بەکۆتا هتنی جەنگەکان بوو،ئەو جەنگە یەك بەدوای یەکانەی سەدام بەسەر گەلانی عیراقی دەهێناو هەموو جارێکیش بەدۆراوی لەگۆڕەپانەکە دەهاتەدەر،بەهاری ئەم سالە سوپای عێراق کەبەگەورەترین سوپا لەخۆرهەڵاتی ناوەراست ئەژمار دەکرا،دوای داگیرکردنی کوێت وبەرپابوونی نی جەنگی کەنداو ،ئەم سوپایە تەفروتونا کراو ژێرخانی ئابووری عێراق وچی کەرەستەو کارخانەو چەکو جبەخانە هەبوو لەعێراقدا تێکو پێك دراو فرۆکەکانی هاو پەیمانان هەمووی لەبەر یەك هەڵوەشاند.ئالەو کاتەدا سوپای عێراق جگە لەجێ هێشتنی سەدان هەزار کوژراو لەگۆرەپانی شەڕ،زیاتر لەم ژمارانەی لێ بەدیل گیراو ئەوانی تریش بەبەزیوی گەرانەوە،

لەم کاتانەدا بووکەزەمینە لەبار بووبۆ راپەڕین وئازاد کردنی ئەم شاروشارۆچکانەی کەهێشتا دەسەڵاتی بەعسیەکان بەرێوەیان دەبرد.بەتاییەت ئەو ناوچانەی کە زەبری کوشندەی بەعسیان وێکەوت و بەسەریەکتریدا رمێنران، زۆری نەبرد شیعەکان لەباشور راپەڕین و پاشماوەکانی بەعسیان رامالی، لەکوردستانی خۆشمان جەماوەر لە جەم و جۆلێکی بەردەوام دابوون، بەتاییەت ئۆردوگا زۆرەملێکان کە خەڵکی وێ لەریشەوە هەڵتەکێنرابوون و خۆیان ئامادە کردبوو بۆ یەکەم تەقەو یەکەم دەست وەشاندن، تا لەوێوە مێژوو دووبارە کەنەوە، رێکەوت 4ی ئازاری 1991 بوو کۆمەڵگای خەبات کە خەڵکی ناوچەی پشدەرو دییەگەی تێدا ئاخنرابوو دوای کۆبونەوەو دابەشکردنی چەك بەسەر لاوە بێزارو هەڵکەنراوەکاندا، یەکەم گردبوونەوەی جەماوەری و یەکەم تەقەو

یەکەم نارەزایی دەربرین لەم کۆمەڵگایەدا سەری هەڵداو دوای پێکدادانی هێزی بەعسیەکان و جەماوەری راماڵراوی ئەم کۆمەڵگایە، دوای شەڕی کۆلان بەکۆلان و راونانی هێزەکانی بەعس و تەفرو تواناکردنی داموو دەزگاکانیان، دوای کوشتن و بریندارکردنی چەند پۆلیسێك، دوو لاوی زیتەڵەی ئەم کۆمەڵگایە بەناوەکانی (بەختیارو محەمەد نامیق) شەهیدبوون، ئەم رۆژە تا ئێوارەو کۆمەڵگای خەبات لەژێر دەستی جەماوەردا بوو، هێزو سوپای بەعس پاشەکشەیان کردبوو، بەلام نەخشەیەکی ترسناکیان لەبەردەست دابوو بۆ سبەی، ئەویش بە کۆکردنەوەی هێزە بەزیوەکانیان و هێرش کردنە ناو کۆمەڵگای خەبات و کوشتنی ئەوەی دەستیان دەکەوێ، بەلام لە رانیە بورکانێك لەناخی جەماوەری ئەم شارەدا قولپی دەداو چاوی یەك بەیەکی خەڵکی ئەم شارە ببونە پشکۆ، دەیانزانی ئەگەر هەرچی زووە ئاسمانی بیتوێن نەکەنە ئاگر، جارێکی دی خەڵکی پشدەر کە لەوەتەی هەن لەناو یەکتریدا توانەوە نابیننەوەو هەر هەموویان ئەنفال دەکرێن، ئەو رۆژە 5ی ئادار بوو کە بیتوێن لە نەعلەتەی راپەرینی داو جگە لەناو شاری رانیەو چوارقورنە فەیلەقێکیان بەسەریەکتریدا وێران کرد، نەخشەی بەعسیەکانیان تەفرو تونا کردو زۆری نەبرد 6ی ئادار شوعیەکان لەهەولێر خۆپیشاندانیان سازکردو لەناو بازاڕی شێخەڵلا ترسی بەعسیان شەق و پەق کرد. ئیدی بەدوای ئەم راپەرینەدا سلێمانیوهەولێرو دهۆك و کەرکوك و تەواوی شارو شاروشارۆچکەکانی کوردستان ئازاد کراو، خەڵکی کۆمەڵگای خەبات و بازیان و سەرجەم ئۆردوگا زۆرە ملێکان گەرانەوە شوێنگەی خۆیان و یەك بەیەکی شارو گوندو خانوەکانیان دروست کردنەوەو بڕیاریاندا ئیدی جارێکی دی ژێردەستەیی قبوڵ نەکەن.